بەڕێوەبەرایەتی دژەتیرۆری لەبارەی هێرشەکەی فڕۆکەخانەی عەربەت ڕوونکردنەوەی دا

بەڕێوەبەرایەتی گشتی دژەتیرۆری کوردستان لەبارەی هێرشەکەی فڕۆکەخانەی کشتووکاڵی عەربەت ڕایگەیاند، "ئەمڕۆ دووشەممە (18ـی ئەیلولی 2023)، پاشنیوەڕۆ فڕۆکەخانەی کشتوکاڵی عەربەت لە سلێمانی لەلایەن داگیرکەران و ناحەزانی ئارامی و ئاسایشی هەرێم بە فڕۆکەی بێ فڕۆکەوان کرایە ئامانج کە بەداخەوە 3 هەڤاڵ و پێشمەرگەی قارەمانی دژەتیرۆری کوردستان شەهیدبوون و 3 پێشمەرگەی تریشمان بریندار بوون".

هاتووەش، وێڕای دەربڕینی هاوخەمی و پرسە و سەرەخۆشیمان بۆ شەهیدبوونی هەڤاڵەکانمان، هیوای زووچاکبوونەوەش بۆ بریندرەکانمان دەخوازین، بە هەموو لایەک ڕووندەکەینەوە لەکۆڵینەوەی ورد لەسەر ئەم تاوانە تیرۆریستییە دەستپێکردوە کە بە چاوساغی نۆکەرانی بێگانەو سیخوڕانی ناوخۆیی ئەنجام درا بە سزا تەنا پ□□□ت و هەر لایەن و جاسوسێک هاوکاربوویت ڕووبەڕووی سزاو یاساو ویژدانی نەتەوەکەمانی دەکەینەوە تۆڵەی شەهیدەکانمان لە ئەستۆی ئێمەیە و ناهێڵین خوێنی گەشیان بەهەدەربڕوات.